# جامی جیهانی تۆپی پێ...
# شاکیرا کۆتایی پێ دەهێنێت

کچە گۆرانیبێژی کۆلۆمبی بە نەژاد لوبنانی شاکیرا لە مانگی تەمموزداو لە یاریگای Olympic لە بەرلین بە نمایشێکی گۆرانی کۆتایی دەهێنێت بە پاڵەوانێتی جامی جیهانی تۆپی پێ.

شاکیرا گۆرانی Hips Donot دەڵێت بە بەشداری لەگەڵ گۆرانیبێژی هیب هۆب هیبتی Wyclef Jean.

کۆمپانیای بەرهەمهێنەری کارەکانی شاکیرا Sony-BMG بەرهەمهێنەری کارەکانی شاکیرا رایگەیاند کە گۆرانییەکە تێکەڵەیەکە هیب هۆبو ریجیو مۆسیقای وڵاتەکانی هێڵی یەکسانیو گومانیشی تێدا نییە کە بە هەزاران سەیرکەرانو ئامادەبووانی یاریگاکە پاڵ پێوە دەنێت بۆ گۆرانی وتنو سەماکردن.

ئەم نمایشەش لە ٩ ی مانگی تەمووزدا ساز دەکرێتو بۆ ماوەی دە خولەك پێش دەستپێکردنی یاری کۆتایی بەردەوام دەبێت.

